

# به قەنەفەی دانیشتن

مۆدەکانی دیکۆر بۆ ماڵ گرنگی و تایبەتمەندی هەیە، دەتوانرێت لە ڕێگەی دیکۆر جوانی ماڵێك بگۆڕدرێت یان جوانتر بکرێت، ئەمەش پابەند دەبێت بەو جۆرە دیکۆرەی هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی نەخشێکی جوان بۆ ماڵ دابنرێت، یەکێك لەو دیکۆرانە بریتییە لە دانانی شێوازی قەنەفەی دانیشتن، ئەمەش کاتێك لە هۆڵ و ژوورەکانی سالۆن دادەنرێت.

# گوڵە شووشەکان ناسک و ڕازاوەن





ئێکسسوارەکان دەتوانن ماڵ جوان بکەن و زیاتر ڕازاوەتری پێوە دەربکەوێنن، ئەمەش پابەندە بە جۆرە ئێکسسوارەی لە ماڵ دادەنرێت، هەریەکەش جوانی و ناسکی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر لایەنێکی ماڵ بە ئێکسسوارە بچووکەکان بڕازێنینەوە، دەتوانین سوود لە ئێکسسواری گوڵدانی شووشە وەربگرێن.

ئەو جۆرە گوڵانە لە شووشە دروست کراوە و لە شێوەی گوڵێکی سرووشتی دەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەی بریقەیەکی جوانی لەسەردا هەیە بە جۆرێك جوانییەکی ناسك بەو شوێنە دەبەخشێت کاتێك لێوەی دادەنرێت. سوودێکی دیکەی ئەو ئێکسسوارە، دەکرێت لە هەر شوێنێکی ماڵ دابنرێت و یان بە کۆمەڵ لە لایەنێکی ژوور بڕازرێنرێتەوە. وەك لە وێنەکان دەبینن دەکرێت سوودی لێوە ببینرێت بۆ ئەوەی ماڵ جوانتر بکات.







# دوو شێوازی نوێ لە تەسریحەی لوولەیی









تەسریحەکانی قژ هەر مۆدەیەك بە جۆرێکی تازە دەردەکەوێت و لەگەڵ ئەوەی شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت بۆ ئەوەی جوانییەکی گەورەتر ببەخشێت. بەمەش گۆڕانکاری لە تەسریحەکان دەکرێت و نەخشی تازەی بۆ دادەنرێت، لەم مۆدەیە جۆرە تەسریحەیەکی دیکە دەردەکەوێت ئەویش بریتییە لە مۆدەی تەسریحەی (لوولە – تەڵی گەورە)!

ئەم مۆدەیە بە دوو جۆرە تەسریحە دەردەکەوێت، ئەوەی بە لوولە دەبێت لە شێوەی پەرمەناتی خاو، بەمەش دەکرێت قژەکە بە تەواوی تەسریحە بکرێت. مۆدەی دووەمیش دەبێتە مۆدەی تەڵی گەورە، بە جۆرێك قژ دەبێتە چەند تەڵێکی گەورە و بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەمەش مۆدەیەکی تازەیە لە تەسریحەکانی قژ، بۆیە ڕەنگە لە داهاتوو ببێتە مۆدەیەکی سەرەکی بۆ قژی خانمان.

# ماکیاژی نەرم بۆ ناسکی رووخسارت









ماکیاژکردن هەنگاوێکی قورس و تەنگە بۆ خانمان کاتێك دەیانەوێت ماکیاژێکی جوان و ناسك بۆ رووخساریان ئەنجام بدەن، چونکە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ماکیاژەی بۆ رەنگ و شێوازی رووخساری دەگونجێت، ئەم چەند ماکیاژە دەبێتە جوانترین مۆدەی ماکیاژ بە جۆرێك ئەنجامێکی گەورەی دەبێت بۆ جوانی رووخساری خانمان.

لەم مۆدەیەی ماکیاژی رووخسار شتێکی جوانی لێوە بەدی دەکرێت، ئەویش رەنگی پشت چاو جیاوازی هەیە لە رەنگی لێو، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی تازە لە مۆدەکانی ماکیاژکردن. شتێکی دیکە لەم مۆدەیە بریتییە لە دانانی رەنگی سەرەکی ماکیاژ رەنگی (ئەساس)، بە رەنگی خاکی یان زەردی کاڵ، یاخود لە رەنگی خۆرئاوا بەمەش ئەنجامێکی ماکیاژێکی ناسك و جوانی لێدەردەچێت.



# جوانیماڵەکەت بگۆڕە

جوانی دانانی قەنەفە کاریگەری دەبێت لەسەر جوانی ئەو شوێنەی بۆ دانیشتن ئامادە دەکرێت، ئەوانەی لەم وێنانە دەبینن چەندین مۆدەی دانانی قەنەفەیە بۆ ئەوەی شێوازێکی رازانەوەی ماڵ لێوەی دەربکەوێت. ئەم مۆدەیە بریتییە لە دانانی قەنەفە بە شێوەیەکی سادە، مەبەست لەوە کەرەستە و شتی دیکەی لێوە نزیك نەبێت.



# سەندڵ بۆ وەرزی بەهاری ئەمساڵ


جوانی مۆدەکانی پێڵاو پابەند دەبێت لەگەڵ ئەو کات و شوێنەی لێوەی دەپۆشرێت، هەر جۆرە مۆدەیەك تایبەتمەند و جوانی خۆی هەیە، بە شێوەیەك دەکرێت لایەنەکانی مۆدەی پێڵاو بە تایبەت سەندڵ کە لەم وەرزە دەپۆشرێت، لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار مۆدەی پێڵاو دەگۆڕێت بۆ سەندڵ.

ئەوەی لەم وێنانە دەبینن چەندین جۆرە مۆدەی سەندەڵە بۆ وەرزی بەهار، دەکرێت لەگەڵ چەندین جۆرە پۆشاك بپۆشرێت و جوانییەکی ناسکی دەبێت. مەرج نییە لە هەر رەنگێك بێت تەنیا شێوەیەکی جوانی هەبێت، بۆیە لەم وەرزە سەندڵ بپۆشە وەك مۆدەیەکی جوان و ناسك بۆ هەر کات و شوێنێك.



# بۆ ئەمساڵ سەیرترین کڵاو هەڵبژێردرا

مۆدە سەیرەکان رۆژانە لە بەرهەمی تازە دەردەچن و هەر یەکەش بە جۆر و شێوازێك نەخشی بۆ دادەنرێت، بەمەش دەبێتە جێگەی سەیر و سەمەرەی خەڵك و گشت جیهان، لە جوانترین مۆدەکانی دانانی کەرەستە بۆ جەستەی خانمان، ئەو مۆدەیە دەبێت بە پلەی یەکەم



هەڵبژێردرا لەوەی سەیرترین شێوەی وەرگرتووە.
ئەو مۆدەیە بریتییە لە کڵاوێکی سەر بۆ خانمان و ئافرەتان، لە کاتێکدا تەنیا لە کڵاو ناچێت، کەچی بە جوانترین کڵاو دانراوە تاوەکو ئێستا.
لە وڵاتی نوزیلەندا سەیرترین جۆرە مۆدەی کڵاو نمایشکرا، کڵاوەکەش بریتی بوو لە ئامێرێکی تەلەفۆنی ناوماڵ لەسەر سەری خانمێکی نمایشکار، بەمەش توانی پلەی جوانترین مۆدەی کڵاو بەدەست بهێنێت لە ساڵی ٢٠٠٩.



# گرنگ نییەماڵێک بسووتێ
# گرنگ ئەوەیە شارێک نەسووتێ

وەرگرتنی وێنەکان هەر یەکە لە شوێن و کاتێکی دیاری کراو دەبێ، ئەمەش دەکەوێتە سەر حەز و ویستی ئەو کەسانەی وێنە وەردەگرن، بەڵام نەوەك لە کاتێك بێت زیانی بۆ گشت کەسانی دیکە هەبێ و کەسیش ئاگاداری نەبێت. لە وڵاتی هۆڵەندا کاتێك شوێنێك گڕی تێبەر دەبێت، دوای ئەوەی تیمی ئاگرکوژێنەوە دەگەنە ئەو شوێنە کارێکی سەیر دەکەن، کارەکەش بریتی دەبێت لە وەرگرتنی وێنەیەك لە کاتی کەوتنەوەی ئاگرەکە، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن وێنەیان گرتووە، بەمەش هەر یەکە سزای (٦) مانگ زیدانیان بۆ دەرچوو لە بەندیخانە بەهۆی پشتگوێ خستنی کارەکانیان.

# سەیرترین نینۆکی پەنجە



دوای ئەوەی ئەو خانمە (٦٩) ساڵەی لە وڵاتی چیك بەهیوای درێژکردنی نینۆکەکانی شکستی هێنا، چونکە نەیتوانی لە کارەکەی بەردەوام بێت ئەمەش بەهۆی رێگەگرتنی نینۆکەکانی لە بەردەم ژیانی رۆژانەی، بۆیە نینۆکەکانی کرد و ئێستاش وەك هەر کەسێکی ئاساییە، نەوەك نینۆکی نزیکەی ٢ مەتر بێت.
کەچی پێدەچێت (نینا) خانمێکە لە وڵاتی سویسرا دژیێت، هەمان سیناریۆی ئەم خانمە نینۆك درێژە دووبارە بکاتەوە و هەر لە ئێستاوە کار دەکات لە پێناو درێژکردنی نینۆکەکانی، وەك لە وێنەکە دەبینن خاوەن نینۆکێکە نزیکەی (١٥) سەنتیمەتر درێژ دەبێت، ئەو خانمەش هیوای درێژبوونی نینۆکەکانی دەخوازێت بۆ زیاتر لە (٣) مەتر، ئەوەی سەیر بێت نینۆکی ئەو ئافرەتە لە دار دەچێت نەوەك لە ئێسقانی مرۆڤ!



# شەمەندەفەری ناو بازاڕیش پەیدابوو

بێگومان گشت کەسێك لە کاتی بازاڕکردن و شت کڕین تووشی ماندووبوون دەبێت و ئەمەش بەهۆی ئەو گەڕانەی بەدوای شت و مەکی چاکتر، بۆیە چارەسەری بۆ ئەو لایەنەش دۆزراتەوە و ئەمەش بەهۆی دانانی ڕێگەیەکی سەیر بۆ گەڕان و شت کڕین، ئەوەی لە وێنەکە دەبینن یاری کردن نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی تازەیە بۆ چوونە ناو بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان.

ئەم شەمەندەفەرە بچووکە کاری گواستنەوەی ئەو کەسانە دەکات کاتێك بەرەو بازاڕەکانی شت و کەرەستە دێن، بەمەش هەر کەسێك دەتوانێت بە ئاسانی لەو شەمەندەفەرە بچووکە سوار بێت و گەڕانێکی خۆش لە بازاڕەکان بکات و ئەو شتەی پێویستی بێت بیکڕێت، بۆیە دەبێتە سەیرترین کاری شت کڕین!

# ٩ کەس لەم وێنەیە بەشدارن!



دەکرێت لە کاتی وێنەگرتن ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك و مرۆڤ بەشداری وێنەکە بکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکە وەربگیرێت، بەڵام چی دەبێت ئەگەر وێنەیەك ٩ کەس تیایدا بەشدار بن و کەچی تەنیا یەکێکیان دەربکەوێت، ئەمەش شتێکی راستەقینەیە و دەتوانن بەچاوی خۆتان بیبینن !

ئەو وێنەیەی دەبینن بریتییە لە ئافرەتێك و ٨ کەسی دیکەی شاراوە، دوای ئەوەی ئەو ئافرەتە سکی دەبێت و پشکنین ئەنجامدەدات، پێرادەگەیەنرێت سکەکەی بریتییە لە هەشت منداڵی بچووك و جوان، ئەو خانمە ناوی (نادیا)یە لە وڵاتی ئەمەریکا دەژییێت و بە جارێك ٨ منداڵی بەیەکەوەی بوو، منداڵەکانیش بریتی بوون لە ٥ کوڕ و ٣ کچ، ئەم وێنەیە پێش ئەوەی منداڵەکانی ببێ وەریگراوە و بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو وێنەیە ٩ کەس تیایدا بەشدار بووە.

# گۆڕەپانێک بۆ شووکردن



بۆ ئەوەی پەرە بە گرنگی دان بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بدرێت، چەندین هەنگاوی جیددی و سەیر ئەنجام دەدرێت بەجۆرێك هەندێکیان دەبێتە چەند ئەنجامێکی گەورە بۆ ئەو هەنگاوانە، لە وڵاتی بولگاریا یەکەم هەنگاوی لەم جۆرە ئەنجامدرا، ئەمەش بە کردنەوەی گۆڕەپانێکی نمایشکردنی خانمان و بووکان بۆ ئەوەی کەسێك بیخوازێت.

وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن هەریەکە لە شوێنێکی بەرز وەستاوە بۆ ئەوەی کەسێك دەستنیشانی بکات و بیکات بە هاوسەری خۆی، بەمەش نزیکەی ١٠٠٠ کچ و خانم بەشداریان لەو نمایشە سەیرە کرد و هەندێکیان بوون بە خاوەن هاوسەر!



# هاوسەرگیرییە سەیرەکان

لەلای گشـــت نەتەوە و خەڵکانی جیهان کاری هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت و هـــەر یەکەش بەپێ ڕێگە و دابو و نەریەتی خـــۆی ئەنجامی دەدات، ئەوەی جێگەی سەیر هەندێك نەریەت هەن لەلای خۆیان شتێکی ئاسایی کەچی لەلای ئێمە دەبێتە شتێکی تازە لە بواری هاوسەرگیری بۆ بووك و زاوا.

لێرەدا باسی چەند شتێکی خۆشتان بۆ دەکەین لە هاوسەرگیرییە سەیرەکان:

- پیاوێکی کینی بەناوی (ئەنۆ ئالوان) تەمەنی ئەو پیاوە ١٠٠ ســـاڵ دەبێت، توانی کچێکی ١٤ ساڵان بخوازێت بەبێ ئەوەی کەسێك ڕخنەی لێبگرێت.
- بچووکترین بووك و زاوا لەلایەن شـــای وڵاتی فەڕەنســـا بەناوی (هێنری چوارەم)، ئەمەش هاوسەریەتی لە تەمەنی ٤ساڵی بۆ ئەنجامدرا.
- لە ئاهەنگێکی بە کۆمەڵ بۆ کۆمەڵە ئافرەتێکی بەتەمەن لە وڵاتی تایوان، نزیکەی (١٠) ئافرەتی بەتەمەن شوویان کرد.
- سەیرترین هاوســـەرگیری بۆ خاتوو (لیندا)یە لە وڵاتی ئەمەریکا دەژییێت، دوای ئەوەی بە هیچ پیاوێك ڕازی نابێت، بۆیە شوو بە سەگەکەی خۆی دەکات و، وەك لە وێنەکەدا دەبینن !





## هێلکەیەک بە دەفتەرێک دۆلار فرۆشرا!

هەرگیز نەمانزانیبووە هێلکە بە نرخێکی گران یان خەیاڵی بفرۆشـــرێت، چونکە لە کوردســـتانی خۆمان چەندین کێلگـــەی ئاژەڵی هەن بۆ بەرهەم هێنانی هێلکە، بۆیە لەلاتان ســـەیر بێـــت ئەگەر تاقە هێلکەیەك بە دەفتەرە دۆلارێك فرۆشـــرابێت، ئەمەش لە شـــاری لەندەن، دوای ئەوەی گەورەترین هێلکـــە دەدۆزرێتەوە، بۆیە بە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئاشـــکرا بە ١٠ هەزار دۆلار فرۆشرا.

تەمەنی ئەم هێلکەیە دەگاتە (٤٠٠) ســـاڵ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی باڵندە گەورەکان. درێژی ئەو هێلکەیە دەگاتە (١٣٠) سەنتیمەتر، لەگەڵ پانی (٦٠) سەنتیمەتر، بۆیە تاوەکو ئێستا بە کۆنترین و گەورەترین هێلکە دادەنرێت لە جیهان.



## ئەمە تابلۆیە یان سگی ئافرەتان؟!

ماوەیەك بەر لە ئێســـتا هەواڵی ئەو جلەمان بڵاوکردنەوە ئەوانەی تایبەت بوون بە ئافرەتانی ســـگ پڕ، ئەمەش بۆ ئەوەی بە چاکی جووڵە بکات و کاریگەری لەســـەر سگەکە نەبێت، کەچی وادیارە مۆدەی ئەو جلە نەماوە و بەڵکو مۆدەیەکی دیکە دەرکەوتـــووە بۆ ئەو خانمانەی دوو گیانن، ئەمەش لێرەدا دەرنەکەوتووە تەنیا لە چەند وڵاتێکی کیشوەری ئەورووپا.

ئەو مۆدەیەش بریتییە لە نەخشکردنی لەسەر سگی ئەو خانمانەی سگ پڕن، بەمەش دەتوانن دیمەنێکی ســـەرنجڕاکێش نیشان بدەن نەوەك گەورەیی ســـگ و تێکچوونی شێوازی جەســـتە. وەکو لە وێنەکاندا دەبینن چەندین نەخشـــی جوان و ســـەیریان لەسەر ســـگی ئەو ئافرەتانە کردووە وەك ئەوەی تابلۆیەکی وێنەکێشان بێت.

# ئەوە گوڵە یان باڵندەیە؟



باڵندەی بەبەغا یەکێکە لەو باڵندە جوان و خۆشەویستەی لەلای گشت کەسێك بە باڵندەیەکی بە نرخ دادەنرێت، بەتایبەت کاتێك قسە و وتەی مرۆڤ دووبارە دەڵێتەوە، شێوەی بەبەغا ڕەنگاوڕەنگە و دیمەنێکی جوانی هەیە، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو بەبەغایە بکەیت بێگومان هەست ناکەیت ئەوە بەبەغا بێت !

ئەوەی دەیبینن لە شێوەی گوڵێك دەچێت، وەك ئەوەی تازە بە دار قرتاندرابێت، بەڵام ئەگەر بە جوانی سەیری بکەیت، دەزانیت ئەوەی باڵندەیەکی بەبەغایە و، وەك هەر باڵندەیەکی ئاسایی دەژییێت.

ئەوەی سەیر بێت لەو باڵندەیە، تەنیا چاوەکانی دەردەکەوێت و ئیتر سەرتاپای لە پەڕ و تووکەکەیەتی، بەمەش دەبێتە سەیرترین باڵندەی بەبەغا لە جیهان.

# بە مردنیش دەستبەرداری خۆشەویستی خێزانەکەی نەبوو

ئەگەر خوا لە یەکێك بگۆڕێت وەکو ئەو پیاوە چینییە دەبێت، بە پێچەوانەی گشت خەڵکێك دەژییێت و بەلای خۆی ژیانێکی ڕاستەقینە و خۆشی هەیە، کەچی ئەگەر مێشکی بێتەوە سەر خۆی دەزانێت لەوپەڕی ڕێژەی شێتی دەژییێت! ئەو قسانەی سەرەوە بۆ ئەو پیاوەی لە شاری شەنگهای چینی ژیان بەسەر دەبات و ناوی (سیمنۆگ)ە، دوای ئەوەی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت لەگەڵ کچێکی خۆشەویستی، ماوەیەك دوای هاوسارییەتییەکە، خێزانەکەی دەمرێت !

ئەم پیاوەش هەڵساوە تەرمی خێزانەکەی لە ماڵ داناوە و ڕۆژانە ژیانی لەگەڵ بەسەردەبات، لە گشت کار و ئەرکێك پرسی پێوە دەکات، تەرمی خێزانەکەشی بەبێ وەڵام دەوەستێت. وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن خێزانە مردووەکەی لە باوشی خۆی ناوە و ئامادە نییە بە مردنیش دەستبەرداری خۆشەویستی خێزانەکەی بێت.




# شای دارستان سەرقاڵی جوانی و تەسریحەیە

وەکو دەزانین گیانداری شێر بە شای دارستان ناسراوە لە هێمنی و ئازایی، ئەمەش وەك گەورەترین گیاندار دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر گشت گیاندارێکی دیکە، سەرەڕای ئەوەی لە دارستان تاکە گیاندارە بکەوێتە ژێر هەڕەشەی گیاندارانی تر. ئەوەی سەیر بێت لەلای مرۆڤ یان تیمێکی تایبەت بە گیاندارانی وڵاتی کەنەدا، لە گیانداری شێر ناترسن و بەڵکو وەك خانمێك دایدەنێن !

ئەوەی دەیبینن چەندین جۆرە تەسریحەیە بۆ گیانداری شێر کراوە، وەك ئەوەی شای دارستان خەریکی جوانی و تەسریحە بێت نەوەك پاراستنی دارستان. لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی سەیر و جوان دەبەخشێت کاتێك شێرێك ببینرێت تەسریحەی بۆ مووی سەر و سەر پشتی کراوە، وەك لە دیمەنە سەیرەکانییان بەدی دەکرێت.



## کەلــــوەکـــان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەوماوەیــەدا تووشــی هەنــدێ گرفتی خێزانی دەبیتەوە.پێویستیت بەپیاسـەکردن هەیـە بەتەنهـا بۆحەسـانەوەی مێشـك و دڵ و دەروونت. خاوەن کەسایەتیەکی توڕەی ئەگەر وابڕوات تووشــی کێشەی گەورەتر دەبیتەوە. بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی دڵت خۆشە ماوەی داهاتــووت دەبێت ســاتەبەختێکی خۆش بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسە مامەڵە بکەیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕێگەیەکی تازە بگرە بۆ کارەکانت، هەموو کەسـێك خەم دەخوات بەڵام وەك تۆ ناکات. لەکاتێکدا بە ئاگا دێت ئەو کەسە لەلایەکی دیکەوە چاودێری تۆ دەکات. بــەرەو چەند گۆڕانکاریەك دەچی کە لەبەرژەوەندی تۆدایە. لەم ماوەیە هەســت بە گۆڕانکاری دەکەی. لەبواری خۆشەویســتی هەنگاوێکی باشت ناوە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕێگەیەکی سادەت هەبێت بۆ ئەوەی لەدڵەوە لە خۆشەویســتت بگەیت و ماوەیەکی زۆرە هەستەکانت جێگیر نییە و مەترسە لەداهاتوو. کارە گرنگەکانت بۆ ماوەیەکی دیکە هەڵبگرە و چونکە بە نیازێکی تازەوە بیر بکەرەوە و لە هەســتی خۆشەویستت بگە، کەسێك لەدڵەوە بۆت دێتە پێشەوە.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەنگاوەکانــت هۆکارێکــە بــۆ ئەوەی لــە نزیکەوە ڕازەکانی دڵت بگۆڕێتــەوە لەگەڵ کەســی بەرامبەرت، کەچی کەســانێك هەن دژیایەتیت دەکەن و ناهێڵن بەم ئەنجامــە بگەیت، لەگەڵ ئەو بیر و هەستەکانتەوە بژی و کاری ئێستات بۆ ڕۆژێکی دیکەوە دوا مەخە و دڵت کراوە بێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ڕێگاکانــی گرنگــی دانــت بە کارەکانــت دەبێتــە ڕێگەیەك بۆ گەیشــتن بەو کەسەی لە دڵتە، ئەم ماوەیــە دەکەویتە بارودۆخێکی ناخۆش کەسـێك لەبنەماڵەکەتان یارمەتیت دەدات. لە کەسێك مەترســە کە دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە، شــێوازی ڕەفتارەکانت بەرەو گۆڕان ڕۆیشتووە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بواری ســۆزداریت بەرەو باشبوون دەچێــت و جێگەیەکــی چاکــت گرتووە لــە بواری کەســایەتیت مەهێڵە لە ژیانت بشــدار بــن و کارەکانت لێتێکبدەن، کەسێکی نزیکت لەگەڵی دەژی بەڵام هەست بەئاسوودەیی ناکەی لەگەڵی بۆیە واچاکە لــێ دووربکەویەوە. گەورەییت پێوە دیاربێت.

ئا/ هێمن قەسرەیی



# لاسایکردنەوەی شەیتان

بێگومان کەس لە جیهان ئەو شتەی خۆشناوێت ئەوەی پێدەگوترێت (شەیتان)، ئەمەش سەرچاوەیەکە بۆ ناخۆشی و تاریکی و شتی خراپ، بەڵام وادیارە ئەو پیاوە پێچەوانەی گشت جیهان دەوەستێت و دەیەوێت شێوەی لە شێوەی شەیتان بچێت.

ئەو پیاوە ناوی (کین)ە و لە وڵاتی کۆلۆمبیا دەژیێت، دوای چەندین نەشتەرگەری دوو شاخی لە نێوچەوانی لە ماددەی سیلیکۆن بۆ دانراوە، ئەو شاخانەش درێژیان نزیکەی (٦) سەنتیمەتر دەبێت و لەگەڵ چەندین هێمای قیزەون و پیس لە ڕووخساری نەخشاندووە.

# ئافرەتێک وەک گورگە!

ئەو ئافرەتەی دەیبینن ئەگەر لەلاتان نزیك بێت هەست دەکەن گورگێك لە تەنیشتان دەبێت، چونکە کاتێك ئەو ئافرەتە دەلوورێنێت وەك دەنگی گورگ دەنگی دەردەچێت، ئەو خانمە گورگە ناوی (هۆنگ)ە و تەمەنی ٤٢ ساڵ دەبێت.



ئەو ئافرەتە لە وڵاتی چین دەژیێت و لە تەمەنی ٦ ساڵان تووشی ئەو حاڵەتە بووە و لە دەست خۆی نییە کاتێك دەلوورێنێت، ڕۆژانە نزیکەی ٥ جار وادەکات و چارەسەریشی نییە!

## بۆ ئاســــوودەیت

☺- پیاوێــك بە هاوڕێیەکی خۆی دەڵێــت : هەواڵی تازە چی هەیە؟!

ئەویش دەڵێ ئەوە شتێکی تازە بزانم ئەویش خێزانەکەم خیانەتم لێدەکات و لەگەڵ پیاوێکی دیکە پەیوەندی هەیە!!

هاوڕێکەشــی پێدەڵێت : ئەوە دەزانم شــتێکی تازەترم پێبڵێ نەیزانم!

☺-جارێکیان باوك و کوڕێك ســەیری تەلەفزیۆن دەکەن، لەم کاتە یــاری تۆپی دەبێت و باوکەکەش حەزی لە یاری نابێت و بە کوڕەکە دەڵێت : بیگۆڕە ئەوە چییە ئەو یارییە؟!

کوڕەکەش دەڵێت : باوکە (١٠) خولەکی ماوە تەواو بێت..

باوکەکــەش دەڵێــت : کوڕم چۆن دەزانی ئەوەنــدەی ماوە خۆ لەوێ دانەنیشتووی!

# شاجوانی بووکی خەپەکان

بووك گواستنەوەی بە کۆمەڵ بۆ گشت کەسێکە و مافی هەر تاکێکە بەشدار بێت لێوەی، ئەوەیە ناونیشانی ئەو بووکە بە کۆمەڵەی لە وڵاتی کۆریا ئەنجامدرا تایبەت بوو بە خانمانی قەڵەو و خەپە ! دوای کردنەوەی ئاهەنگە بە کۆمەڵەکە نزیکەی (١٠٠) خانمی قەڵەو بەشداریان کرد.

لە ئەنجامی ئاهەنگەکە شاجوانی بووکەکان هەڵبژێردرا، ئەویش بریتی بوو لەو خانمەی ناوی (سویانگ)ە و کێشی نزیکەی (٩٨) کیلۆگرام دەبێت.




# وەسێتی ئافرێتێکە بۆ مێردەکەی

خانمێك لە وڵاتی ئەمەریکا بە ناوی (ماری کوهیری) پێش ئەوەی بمرێت وەسیەتێکی سەیر دەکات و دەڵێت : وەسیەتێکەم هەیە و بریتیە لە (٢) دۆلار بۆ مێردەکەم !!


دواتر لێیان پرسی ئەو دوو دۆلارە چی لێبکات ؟! ئەویش گوتی : بچێت گوریسێك بکڕێت و خۆی پێوەی هەڵواسێت.

## کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

گرنگی بــە بواری کارەکانت بدە. پارێــزگاری لــە ئەرکەکانت بکە و ڕێگەیــەك هەڵبژێــرە بۆ کێشــەکانت و نهێنییەکانت بــۆ کەس باس مەکە، لەگەڵ کەسانی ماڵەوەت بەرەو گەشتێکی بچووك دەچن و بۆت خۆش دەبێت، لەم کەسە خۆش ببە ئەوەی هەڵەی بەرامبەرت کرد.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

دڵت تەنگ مەکە بۆ ئەو کێشە بچووکانە چونکە چارەسەر دەبێت، گۆڕانکاری بەرەو ژیانێکی تازەوە، لەم کاتە ناکرێ و بەڵام دوای بخە لەگــەڵ ئــەوەی بیرکردنەوەیەکی تەواوی لێدەکەیتــەوە، بەرەو شــێوازێکی دیکەوە لە ژیانت بڕوانە و هەســت بە خۆشــی بکە نەوەك خەم بکەیتە میوانت.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کارەکانت جێبەجێ بکە و مەترسە لــە داهاتوو، بەرەو ئــەو لایەنەوە هەنگاو بنێ کاتێك کارە ئاڵۆزەکان ڕێگەت لێدەگــرن و دوای ماوەیەك لە هەر گرفتێك ڕزگارت دەبێ و متمانەت بە خۆت هەبێ. دەســت بەرداری کار و خەونەکانت مەبە و لەوەی هەست بەو کارە بکەیت تۆ لە کەشێکی ناخۆشەوە ژیانت لێوە ئاڵۆز بووە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هــەوڵ بــدە گۆڕانــکاری بکە لەپەیوەندییەکانــت بۆئەمــەش دەبێت گەشتێك سازبدەی. ئاگات لەوکەســە بێت کەنهێنی لــەلا دەدرکێنی. بــۆ کاتێکی دیکــە ئامادە ببــە چونکە ڕووبەڕووی کەســێك دەبیتەوە کە دەیەوێت هەســتەکانت بزانێت و بچێتە ناودڵت. دڵت گەورە بێ بۆ کێشەکانت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**


ئــەو کەســەی ماوەیەکە بێزارت دەکات دەبــێ تێبگەیەنیت کە تۆ کەســێکی لەم جۆرە نیت ئەوەی ئەو بیری لێدەکاتەوە، لەم ماوەیە ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی بچــووك دەبیتەوە، بەڵام مەهێڵــە ببێتــە هۆی ڕووخانــت ئەمەش کاتێکی باشە تاوەکو بەخۆتەوە بچیتەوە



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ڕێگــەی مامەڵە کردنت لەگەڵ ئــەو کەســەی خۆشەویســتت بەرەو ناخۆشــی ڕێگەی گرتــووە و دەبێ ســادەییت پێوە دیار بێت، دڵت فراوان بکە و لە کارەکانت پشتگوێ مەبە، ڕێگە مەدە قسە لەسەر کەســایەتیت بکەن و دوودڵی لــەزۆر کار، بۆیە هــەردەم وادەزانی دونیا بەسەرپشتی تۆوەیە.

ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




### ئاسۆیی:

-١ کچە گۆرانیبێژێکە و بێژەرێکە خاوەنی وێنەکەیە.
-٢ دۆزەرەوەی (تۆم و جیری)پ.
-٣ دوو پیتی لە (فاس)- نیوەی دارا.
-٤ یاریزانێکی بەرازیلیە.
-٥ دەری(ت) پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپیە.
-٦ تۆ(پ)- ڕەنگێکە- دوو پیت لە (ماوە)- نیوەی ویلز.
-٧ یاسا(پ)- زانایەکی بیانی بوو (پ).
-٨ جۆرە میوەیەکە- تەنیشت.
-٩ ئامێرێکی مۆسیقایە(پ)- دەرمانی چاو- وەکو یەك.
-١٠ نیوە (مکور)- برین
-١١ دارێکە- خواردنێکە.
-١٢ گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).

### ستوونی:

-١ گۆرانیبێژێکی کوردە.
-٢ شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە (پ)-یاریزانێکی (مالی)یە(پ).
-٣ دوو پیت لە (شاز)- سێ پیتی تەندەر- وەکو یەك).
-٤ شارێکە لە ئەمریکا- توانا(پ).
-٥ پیتێکی E(پ)- وەکو یەك- خواردنی ئاژەڵ.
-٦ چوار پیتی (مەتین)- خوشکی مێرد(پ) بەشێکە لە لەش(پ).
-٧ بۆ(پ).
-٨ سەرکردەیەکی سربی بوو- شێوە.
-٩گەڕەکێکی کۆنی هەولێرە(پ)- ژمارەیە(پ).
-١٠ دوو پیتی (ژاڵە).
-١١ ژمارەیەکە(پ)- دوو پیتی (مەڕ).
-١٢ وڵاتێکی ئەورووپیە(پ).

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (هاوشێوەی ناوی خۆڵ - خاك).
- پیتی خانەکانی (٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك).
- پیتی خانەکانی (٤+٨) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی کوردەوارییە بە مەشکە ئامادە دەکرێت).
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی گەورەیە – نێرینەی چێڵ)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (واین ڕۆنی) بوو